# بنەماکانی ئۆباڵکێشان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

**دەروازەیەک**

١- نووسین دەربارەی بابەتی ئاکار وا سووک و ئاسان نییە، چونکە:

**یەک:** هەر لەگەڵ پەیدابوونییەوە، هەوڵی زەوت کردنی سەربەخۆییەکەی دراوە بۆ ئەوەی ببێ بە پاشکۆی بابەتێکی دیکە و لە پێناوی مەبەست و ئامانجی دیکەدا کە سنووری ئاکار دەبەزێنن و سوودی لێ وەربگیرێ. سێ ئایینە ئاسمانییەکە، سیاسەت، کۆمەڵناسان و زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەم ڕاستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن.

**دوو:** ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکاری تیۆریانە و ڕێسا و بنەما و ڕێکارییەکانییەوە هەیە، تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە ئایا:

ئەوەی کار لە کرداری مرۆڤ دەکات و هانی دەدات شت بکات بنەماکانی: ئاکارە، یان بیروبۆچوونی مرۆڤ خۆیەتی کە دەربارەی ئەو بنەمایانەیە؟

**سێ:** بنەماکانی ئاکار دەچنە چ خانەیەکەوە: دەروونزانی (سایکۆلۆجی، ئایین، فەلسەفە...؟)

**چوار:** ڕۆڵی باوەڕ (ئیمان) هەست و سۆز و هەڵچوون، هەریەکە بە جیا لە هەڵسەنگاندنی کارێک کە سروشتی ئاکاری هەبێ، چییە و چۆنە؟

**پێنج:** لە ڕوانگەی لۆجیکەوە بنەماکانی ئاکار پەیڕەو بکرێن، یان نا! بە دەستەواژە

دەردەبڕدرێـن. ئایا ئـەو دەسـتەواژانە چ جـۆرە سروشـتێکیان هەیـە؟ هەواڵـن، یـان ئامـۆژگاری و فرمانـن؟ یـان گشـتیانن بـە یەکـەوە؟

**شـەش:** ئایا دەکرێ لـە کایـەی کرداری ئاکاریی و بەهاکانیـدا چەمکی هەڵـە و چـەوت بەکاربهێنێ؟ یـان دەبـێ بگوتـرێ: ڕێـگا پـێ دراو و ڕێـگا پـێ نەدراون؟

**حـەوت:** تـا چەنـد بـە بنەماکانـی ئـاکار پابەنـد بـوون، یـان سـەرپێچی لـێ کردنیـان لـە خەسـڵەتی فرمـان و پێداویسـتییە ناچارییەکی کاڵ دەکەنەوە؟

**هەشـت:** هەندێـک جـار پرسـیارێک بەبیـردا دێ کـە ئایا فڵانـە کـردار ڕێـگا پـێ نـەدراوە، چونکـە ئاییـن، یـان هـەر دەسـەڵاتێکی تـر قەدەغـە و حەرامـی کـردووە، یـان کارەکـە خـۆی حەرامـە، بۆیـە ئاییـن قەدەغـەی کـردووە و ڕێـگای پـێ نـەدات؟

**نـۆ:** ئەگـەر مەبەسـتی توێژینـەوە بخرێتـە لاوە، دەکرێ بەهـاکای چاکەکاریـی لـە کرداری چاکەکاریی جیـا بکرێتـەوە؟ یان ئـەو بەهایـە لـە خۆیدا پوختـە و سروشـت و گەوهـەر چاکـەکاری پێـک دەهێنێـت؟ ئەگـەر وەڵامەکـە بـە هەر لایەکدا بێ، ئەو پرسـیارەی تـری لـێ دەکەوێتـەوە: پەنـا بـۆ چ پێوەرێـک ببرێـت بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی ئـەو کێشـە و پرسـیارە؟

**دە:** لـە سـۆنگەی لۆجیکـەوە: ئایا بنـە و بەهاکانی ئـاکار ڕەهـا و جێگیـرن، یـان ڕەهەندێکـی مێژووییـان هەیـە؟ ئەگـەر ڕەهـا و جێگیـر بـن و ڕێژەیـی نەبـن و ڕەهەنـدی مێژووییـان نەبـێ، ئـەو گۆڕانانـە چیـن و چـۆن لێـک دەدرێنـەوە کـە بـە درێژایی پرۆسـەی پەرەسـەندن و پێشـکەوتنی کولتوور و شارستانیەت و کۆمـەڵ بەسـەریاندا هاتـوون؟ دیارترین نموونە هەر قۆناغـە جـۆرە بنەمایەکـی پەسـند کـردووە، هـەر لـە ئایینەکانـەوە کـە هـی پێـش خـۆی لاداوە و بنەمـای تـری جێگیـر کـردوون، لـە کۆمەڵگـەی مۆدێرنـدا کـە کەوتووەتـە ژێـر کاریگـەری و پاڵەپەسـتۆی شۆڕشـی سـەرتاپاگیری زانسـت و تەکنۆلۆجـی، بنەماکانـی ئـاکار گۆڕانـی سـەرتاپاگیرییان بەسـەردا هاتـووە.

مرۆڤـی سـەردەم کـە خـۆی لە بەدکاریـی بە دوور دەگـرێ، لـەوەوە نییـە کـە ترسـی لێپێچینـەوەی ژیانـی دوای مردنـی هەیـە، بەڵکـوو وەک مرۆڤێکـی خـاوەن هەسـت و (شـعوور و ویـژدان) چاکـەکاری پەسـند دەکات و خـۆی لـە بـەدکاری بـە دوور دەگـرێ، شـتێک کـە پێوەنـدی بـە لێپرسـینەوەی دوای مـردن هەبـێ هـەر لـە بیریـدا نییـە، بگـرە بیریشـی لـێ ناکاتـەوە، بابەتـی پاداشـت و سـزا کـە ئەنجامـی کردارەکانـی بگرنـەوە، لـە خانـەی ئـاکار دەباتـە دەرەوە. چاکـەکاری لـە خۆیـدا پەسـندە نـەک پاداشـت!!

٢ – بـەلای مرۆڤـی سـەردەمەوە، ئەوەنـدەی پێوەنـدی بـە کار و کـرداری ئاکاریـی و ئـەو ئەنجامانـەوە هەیـە کـە لێیـان دەکەونـەوە، نیازپاکـی (نییـەت) تـا ڕادەیـەک کاڵ بووەتـەوە، بگـرە پاشەکشـەی کـردووە، ئەگـەر تۆزێـک لـە سـەختی کارەکـەش کـەم بکاتـەوە، بـەڵام کێشـەکە یەکلایـی ناکاتـەوە. ئـەو کارە بـا نییەتـی باشـی لەگەڵـدا بووبـێ، یـان بـە نیـازی چاکـەکاری کرابـێ، بـەڵام ئەنجامەکـەی ئـەو سـنوورە دەبەزێنـی و دەچێتـە خانـەی بـەدکاری و گەنـدەوە، بۆیـە بـە هیـچ پێوەرێـک سروشـتی کـرداری ئاکاریـی و بەهاکانـی پـێ نابـڕێ! بابـەت و کارەکـە بـە نییـەت نییـە، بەڵکـوو بـە ئەنجامـە!

– ئۆباڵکێشـانی ئەنجامـی کارێـک و پابەندبوونـی ناچاریـی دوو ڕەوشـی لـە یەکتری جیاوازن، کاتێک کـرداری مرۆڤێکـی بـە ئـاگا و هۆشـیار خەسـڵەتی ئازادانـەی دەبـێ ئەگـەر بیتوانیبایـە، یـان دەرفەتی هەبوایـە ئـەوەی کردوویەتـی، نەیکردبایـە، بەڵکـوو لـە جیاتیـان شـتێکی تـری کردبایـە! بـەڵام ئایا ئەو ڕێتێچوونـە شـیاوەکییە و لـە کـردن دێـت؟ کەواتـە ڕۆڵـی هانـدەر، کۆمەڵگـە و دەوروبـەر و ئاییـن و

ئایدیۆلۆجی و دابونەریت چی دەبێ و چی بۆ دەمێنێتەوە؟ ئەو پرسیارەی سەرئاو دەکەوێ، پێوەندی نێوان زانین و ئاکار چۆنە؟ ئایا کە مرۆڤێک کارێکی بەد دەکات لە نەزانینیەوەیە، یان ئەو هەلومەرجەی تێیاندا دەژیا، هانی ئەو کارەیان داوە؟ ئەم بابەتە کێشە لەسەرە، هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ و یەکلایی کردنەوەی بەو توێژینەوەیەی لەبەر دەستدایە سپێردراوە.

– گۆڕانێکی سەرتاپاگیر کە لە بابەتی ئاکاردا کراوە بۆ فەلسەفەی فەیلەسووفی شیکاری ئینگلیز جۆرج مۆر و ڕێبازی پۆزیتیڤتیزمی لۆجیکی کارب تۆمار کراوە، بە تایبەتی کە بەهۆی میتودی شیکردنەوەی لۆجیکی بابەتەکە بە لایەکی تردا تەکانی پێ دراوە و خۆی لە داهێنانەکەی مۆر نزیک کردووەتەوە کە بە میتائاکار ناوی بردووە، وەک چۆن قسە لە میتازمان و میتافیزیک دەکرێ، ئەوجا لەگەڵ هۆشیاریی ئاکاریدا بەراورد دەکرێ.

– هیچ لاری لەوە نییە کە بنەماکانی ئاکار بە گشت ڕەهەندەکانییەوە بە هیچ جۆرێک و لە هیچ سەردەمێک و جێگایەکدا چالاکییەکی کارای تایبەت بە تاک و تاکەکەسان نەبووە و نابێ، بەڵکوو هەمیشە هێزێکی کۆمەڵایەتی و نەزمێکی پێوەندی دەستیاوی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بووە بە درێژایی پرۆسە نەسرەوتە مێژووییەکە. ئەو چالاکی و کاراییە بە دوو شێواز دەستبەکار بووە:

**یەک:** شێوازی هاندەر و پاڵنەر.

**دوو:** شێوازی بڕیار و (حوکم)دان.

شێوازی یەکەمیان، بێ چەند و چۆن، بە ئازادی لە ئاگایی و هۆشیاری تاکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە خودی خۆی داهێنەری کار و کردەوەکەیە کە دەخرێتە خانەی بابەتی ئاکارییانەوە. شێوازەکەی دیکەیان هێز و دەسەڵاتێک بەرجەستە دەکات کە کۆمەڵگە، یان لایەن و چینی جودا جودا بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەدا پیادە و جێبەجێی دەکەن و ئەو هێز و دەسەڵاتە کە بڕیار و (حوکمدانە) ئاکارییەکەیە، بۆچوونی دەستەجەمعی کۆمەڵە بەسەر تاکەکانیدا، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە چۆن وەڵام دەدرێتەوە: هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و هۆشیار و بە ئاگا لە ناخی دەروونی خۆیدا هەست بەوە دەکات کە پێویستە لەسەری ڕێزی ئەوانی دی، مرۆڤەکانی دیکە، بەو شێوەیەی کە ئامانجن نەک ئامراز، بگرێ و بۆ خۆی چۆنی دەوێ بۆ ئەوانی تریش هەروا بێ.

– پشت ئەستوور بە سەرچاوەی هەمەڕەنگ و جۆربەجۆر، دووریش نییە لەبیرمان چووبێ هەندێکیان تۆمار بکەین، وەڵامی ئەو پرسیارانە و یەکلایی کردنەوەی کێشە ورووژاوەکان ئەوەندەی لوابێ و لە توانابییدا بووبێ، تانوپۆی ئەو توێژینەوەیان لێ پێک هاتووە. هەموو گەشتێکیش بە یەکەم هەنگاو دەست پێ دەکات. دەبا وای دابنێین کە بەهار بە تاکە گوڵێکیش سەر لە ئاسۆوە دەردێنێ.

### ئاکار: ئەگەر و گومان

١ – بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، هەر لەسەردەمی کۆنی یۆنانەوە (پێش زایین) سۆفستاییەکان گومانیان لە دروستی و خەسڵەتی هەمەکی بنەماکانی هەمەجۆر و ڕەهەندەکانی کردووە. پشت ئەستوور بە بەڵگەی ژیر و (دیالێکتیک – ئەگەر بشێ بۆ ئەو سەردەمە ئەو چەمکە بەکاربهێنرێ) هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە کە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دی و لەسەردەم و جێگەیەکەوە بۆ قۆناغێکی تر بنەماکانی ئاکار بە بنەما و بەهاکانییەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت. سەرچاوەی ئەو بڕیارە بوێرانەیان لەو سەردەمەدا

ئەوە بووە کە مرۆڤ لە خۆیدا وەک زیندەوەرێکی ژیر و خاوەن خواستی ئازاد، پێوەری هەموو شتێکە بە بوون و نابوونەوە، هەر خۆیشی بڕیار دەدات، چی چاکەکارییە و چی بەدکارییە و ڕێگە نەدراوە (١). ئەو بۆچوونەی ئەو ڕێبازە بەپێی سەردەمی خۆی بڕیارێکی ڕێچکەشکێنی دلێرانە بووە، جارێکی دیکە پلەوپایە و شکۆی بۆ مرۆڤ هێناوەتەوە! مرۆڤ خۆی لە گشت شتێکدا سەرپشک و هەڵبژێر و بڕیاردەرە! ئەوجا ئەوەی مرۆڤ بە چاکەکاری دابنێ و ئەوەی بەلایەوە ڕاست و سوودبەخشە، جێگەی دوودڵی نییە، چونکە خۆی ئاغای خۆیەتی و پیاوی هیچ کەس و هێزێک نییە، هەر خۆیشی بنەماکانی ئاکاری داناوە و پیادە و جێبەجێیان دەکات! بەو پێیە ئاکار دوو ئەرکی دەبێ: پێوەر کە بڕیار لە بارەی دروستی و نادروستی ئەنجامی کارو کردار دەدات، ئەوجا لایەنی هەڵسەنگاندن و بەهابەخشین، ئیتر لێرەدا سەرکەوتن لە کار و کردار و بڕیاردا، جێگەی ڕاستی و ڕاستەقینە (هەقیقەت) دەگرێتەوە. کەوابوو هەموو بابەتێک، کردارێک، کێشەیەک دوو لایەنی بە یەکتر ناکۆکی هەیە! ئەوی لای دانا ڕاست و دروستە لەلای ئەو وایە دوور نییە لەلای توانایی، وا نەبێ. شتێکیش نییە پێی بگوترێ، یان بڕیاری لە بارەوە بدرێ کە چاکەیە، یان بەدە، ئەوی هەیە چێژ و ئازارە.

ئەوی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ تەنیا فۆرم و ڕوخسار و دیاردەیە! ئەوی پێی دەگوترێ ڕاستی و ڕاستگۆیی لە بەهرە و زۆرزانیی و لە کات و جێگەی خۆیدا بڕیار بدرێ بەولاوە نییە.

ڕابەرانی ئەو ئاراستەیە کۆشاون ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی کۆنترۆڵ و هەژموونی ژیانی خەڵک دەکەن، بکەن بە چەند بنەما و ڕێسایەکی (٢) پەتی (ئەبستراکت)، ئەمەش پشتکردنە جیهانی هەستەکییە و ڕووکردنە جیهانی بێگەردی هزر (بیر)ە. لە ئەنجامدا لەو سەردەمە گومان لە بنەماکانی ئایین کراوە، ڕێ و شوێنەکانی ئاکار و دابونەریت نیشانەی پرسیاریان لەبەردەم قووت کراوەتەوە و بوونەتە مایەی ئەگەر و گومان لێ کردن. لە بەرانبەردا دوو خاڵ پێی لەسەر داگیراوە:

**یەک:** بە چاوی بێزارییەوە سەرنجی مەرجەکانی دابونەریت و قانوون و ئاکاردراوە، چونکە — بە بۆچوونی سۆفستاییەکان — دەبنە مایەی بەربەست کردنی هاندەر و پاڵنەرە ڕەواکانی سروشتی مرۆڤ.

**دوو:** دەبن بە کۆسپ لەبەردەم خواستی خودیی مرۆڤ و تەگەرە لەبەردەم بڕیار و چالاکییەکانیدا.

دەرکەوتەی ئەو بۆچوونە کێشە ئامێزەی ئەو ئاراستەیە کە لەلایەن هەرە زۆری هزرمەندانی ئەو سەردەمە ڕکابەری کراوە و بەگژیدا چوونەتەوە، ئەو بڕیارە سەرنج ڕاکێشانە بوون:

**یەک:** چێژ لە خۆیدا ڕەند و چاکەکارییە، ئەمەش دوورکەوتنە لە پێوەری بابەتییانەی هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی کار و کردەوەی ئاکارییانەی مرۆڤ. ئەوی من چێژی لێ دەبینم چاک و باشە، ئیتر بەلای تۆوە ئازار و ئێش بێ، یان نا، گرینگ نییە.

**دوو:** بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار مرۆڤ خۆی دای هێناون! بەڵام کام مرۆڤە؟ بەهێز و دەست ڕۆیشتوو و کاربەدەستە دەسەڵاتدارەکان ئاکاریان داهێناوە بۆ ئەوەی بیکەن بە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی بێ هێز و هەژار و لانەوازان،

هەر چۆنێک بۆچوونی ئەو ئاراستەیە لێک بدرێتەوە، لەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە ئەم تاقمە دەستەبژێرەی مرۆڤ دۆست بوون، ئەوەی

جاران بۆ خوداوەندەکانی یۆنان کراوە، ئەوان بۆ مرۆڤ کردوویانە. جارێکی دیکە سەرنجیان بۆ لای مرۆڤی تاک ڕاکێشاوە، کێشەی ژیانی ڕۆژانەیان کردووە بە خەمی خۆیان، لە ئایدیۆلۆجی و بیروبۆچوون و جیهاندیدی لە ئارادا بوودا شۆڕشێکیان بەرپاکردووە کە تاوەکوو ئەو سەردەمە گەرموگوڕی خۆی لە دەست نەداوە. نیتشە و فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمەریکایی میراتگری سۆفستاییەکانن.

٢ — ئەگەر ئەفسانە و داستانی یۆنانییەکان پێش زانین، ئایین و کاروباری خواوەندەکانیان کردبێ بە کەرەستەی قسە لێ کردن، فەلسەفەی ئەو سەردەمە لە سەرەتادا ئەو لایەنەی خستووەتە لاوە و بایەخی بە تاووتوکردنی سروشتی دەوروبەرداوە. فەلسەفەی ئاکار، دواتر، کردار و کار و ئامانجی کردەوەکانی مرۆڤ ئەو ئامرازانەی کە دەستەبەری گەیشتن بە ئامانجەکان دەدەن، دەکات بە بابەتی پرسیار و توێژینەوە. لە پێناوی ئەو مەبەستانەدا هەردوو خەسڵەتی بەدکاری و چاکەکاری دەکات بەو کەرەستەیەی چالاکییە، لەبەر ئەوەی چاکەکاری لە خۆیدا مەبەست و خوازراوە و هیچ کێشەیەکی لێ ناکەوێتەوە، ئەوی لێرەدا مایەی سەرنجدانە بەدکاری و جۆرەکانیەتی. بۆ ئەو ئەرکە پێویست بە پێوەر و بنەما دەکات بۆ هەڵاواردنی ڕەوا لە ناڕەوا و ڕێگادراو لە قەدەغەکراو، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ژیان لە کۆمەڵگەدا ئەو بنەمایانە دەکات بە پێویست کە لە فەلسەفەی ئاکاردا بە پێوەر دادەنرێن، ئیتر مرۆڤ ڕاشکاوانە، یان ناڕاستەوخۆ هەست و سۆز و بۆچوون و هەڵوێستی خۆی بەرانبەر ئەو هەڵکەوتانە تۆمار دەکات و دەردەبڕێ! ئەو دەربڕینە پشت بە دوو بنەما دەبەستێ:

**یەک:** شرۆڤەکردن و لێکدانەوە بەپێی پێوەر. (کریتێریا)

**دوو:** هەڵسەنگاندن و بەها پێ بەخشین.

بەهۆی ئەو دوو بنەمایەوە بڕیارە (حوکمە) ئاکارییەکان (٣) دەدرێن (لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زمانی ئاکاریدا) بۆ جیاکردنەوە و دیاری کردنی ڕەند و گەند (چاکەکاری و بەدکاری).

ئەو پێوەرەی بە هۆیەوە بڕیار دەربارەی کار و کردارێکی دیاریکراوەوە (بە ئامانجەکەوە) ئامرازێکی ژیرەکییە دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ هەڵسەنگاندن و بەها بەخشین بەکار و ئەنجامەکە و پەسند کردنی، یان ڕەتکردنەوەی. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: ئەگەر ژیانی بەختەوەر لە چاکەکارییەوە بکەوێتەوە و بەشێک بێ لەو ژیانەی پەیڕەوی ڕێنماییە بنەڕەتەکانی ئاکار بکات، دەکرێ بگوترێ: چاکەکاریی لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەرکی ژیری مرۆڤ بەولاوە نییە، ئەوجا جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی ژیر ڕێگە بۆ بەختەوەری خۆش دەکات.

– پێوەندی نێوان بەها و ئەرکی سەرشان (پابەندبوون) بابەتێکە لە بابەتەکانی فەلسەفەی ئاکار! سروشتی چاکەکاریی چۆنە؟ ئامانجی کار و کردار چییە و چۆن لە ڕوانگەی ئەرکی سەرشانەوە لێک دەدرێتەوە؟ ئەو پرسیارانە ئەگەرچی گرینگن، وا بە ئاسانی یەکلایی ناکرێنەوە، چونکە ئاسان نییە بڕیار بدرێ و بزانرێ چی پێویستە بکرێت، ئایا ئامراز گرنگترە، یان ئامانج لە کرداردا؟ پیادە و جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشان لە خۆیدا پێویست و پەسندە نەک لەبەر ڕازی کردنی کۆمەڵایەتی خەڵک و کۆمەڵگە، بەڵکوو بۆ ڕازی کردنی ویژدان و پابەندبوون بە ئەرکی ئاکاریی سەرشان و ئەستۆ!

بوونی بەهای مرۆڤی، ئەنجامێکی گەشەکردن و پەرەسەندنی کولتووری کۆمەڵگەیە، ئەمەش لە خۆیدا دەربڕی وێنەی ژیان و گوزەران و

شکۆمەندی مرۆڤ و بەرز ڕاگرتنی توانایی ژیری مرۆڤە، بەڵام ئەو ڕەوشە هەمیشە ڕووبەڕووی جۆرە گومانێک بووەتەوە کە لە پرسیاردا بەرجەستە بووە:

بۆ دەبێ مرۆڤ پابەند بێ و ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات؟ هێز و سەرچاوەی پابەندبوونی ئاکارییانە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەگەر پابەند بوون جۆرە ناچارییەکی تێدا بێ، مرۆڤ ناچار بکات کارێک بکات، سەرچاوەی ئەو ناچاری و مەجبوورییە چییە!

لە بەرانبەر ئەو پرسیارانە کەوا بۆنی گومانیان لێ دێ، قسەکەی فەیلەسووفی نەمسایی لۆدڤیک ڤتگنشتاین دێتەوە یاد کە گوتوویەتی: «ڕێبازی گومان بێ واتایە، چونکە گومان لە پرسیارێک دەکات نەدەکرا بکرێت. گومان لەوێ پەیدا دەبێ کە پرسیارێک دەکرێ، بەڵام کاتێک دەشێ ئەو پرسیارە بی بکرێ و بوونی هەبێ، ئەگەر وەڵامەکەی هەبێ، ئەمەش کاتێک دەگونجێ کە شتێک بوونی هەبێ و بکرێ بگوترێ» (٤).

ئەو هزرمەندە لەو بڕیارە سەرنج ڕاکێشەیدا پشت بە لۆجیکی بیرکاری دەبەستێ! ئەگەر لەو لقەی کولتووردا ئەو جۆرە پرسیارانە شیاو نەبن و وەڵامیشیان ئاسان نەبێ، لە فەلسەفەدا بە گشتی و لە ئاکاردا بە تایبەتی، پرسیار و (گومانی میتودەیی) پشکی شێریان بەردەکەوێ؟!

٣ – کار و کردەوەی ئاکارییانە، ئەوەندەی پێوەندی بە بەهاوە هەیە، جۆرە ئارەزوویەکی کردنەکەی و بابەتی کارکردنەکە کە مەبەستی کردنی هەیە، لەگەڵ حەزکردن لە بابەتەکە خۆی، دەکەن بە پێشمەرج ئەو جۆرە حەزکردنەی کردنەکە پێوەندی توندوتۆڵی بە چالاکی هەست و سۆز و (شعوورەوە) هەیە کە توندوتۆڵ بە بیرۆکەی پابەند بوونەوە بەندە. هەندێک جار، بەڵام نەک هەمیشە، مرۆڤ بەپێی خواستی خۆی شتێکی تر دەکات کە بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە دەیخوازێ و پەی پێ دەبات، ئەمەش وا لە ژیر دەکات چالاک بێ، ئەو ڕەوشە پێویستی بە پاڵنەرێک دەبێ کە ژیر لە بیرۆکەی ئەرک و فەرماندا دەستگیری دەبێ. ئەرکی سەرشان پێویستی بە جۆرە بڕوا پێ بوونێک هەیە، دوور لە بیرۆکەی ناچاریی کە شان بە شانی سوود و قازانج و بەرژەوەندی لێ کردن، مایەی چوونە ژێر باری ئەو ئەرکەوە بێت.

– دەکرێ، بەشێوەیەکی ڕێژەیی نەک دۆگمایی بگوترێ ورووژانی گومان لە بابەتی ئاکار، ئەنجامی ئەو پێوەندییە تەمومژاوییەیە کە بە درێژایی مێژووی کولتووری مرۆڤایەتی لە نێوان ئایین و ئاکاردا هەبووە. ئاکار هەمیشە کۆششی سەربەخۆیی خۆی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە لە بەرانبەر چەمکە ئایینییەکاندا کە پابەند بوونی ئاکار بە ئایینەوە دووپات دەکاتەوە، چەمکی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاکاردا دابڕێژێ (٥) بۆ نموونە لە بەرانبەر:

چەمکی بڕوا و باوەڕ (ئیمان)، ژیری داناوە و خواستی مرۆڤی خستووەتە جێگەی خواستی ڕەببانی. فرمانی خواوەند بووە بە فەرمانی ڕەها. لە جیاتی ڕێزلێنانی ڕەب داوای کردووە ڕێز لە مرۆڤ و قانوون بگیرێ، لە جیاتی بەهەشت و دۆزەخ مەبەست و ئامانجی ژیان بە هەردوو ڕەهەندییەوە پەسند بکرێن. ئەگەر ئایین لەلای خۆیەوە چەند ڕێنماییەکی ئاکاریی دانابێ کە بنەماکانی خۆی پێ پشت ڕاست بکاتەوە، بە هەمان شێواز ژیری مرۆڤ ڕەنگی ئاکاریی تایبەت بە مرۆڤی ڕشتووە. لەبەر

یەکتر کەوتن و ڕکابەری کردنی یەکتری (ئایین و ئاکار) جۆرە گومانێک سەرهەڵدەدات: کامەیان ڕاستیی پێکاوە؟!

لەم سەردەمەدا گومانەکە نەک نەڕەوێنراوەتەوە، بەڵکوو ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی تری پێ براوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئایین لە ژیانی سیاسیدا پاشەکشەی پێ کراوە و زانست و تەکنۆلۆژجیا جێگەیان گرتووەتەوە، بۆیە دەکرێ قسە لەو گومانە بکرێ کە لەسەردەمی تەکنۆلۆجی ئەوروپادا ورووژاوە و سەری هەڵداوە، چونکە ئەوەی پابەند بوون و ئەرکی سەرشان دەیسەپێنن بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا، جیاوازە لەوەی ژێری مرۆڤی سەردەمی گۆشکراو بە ئەنجامەکانی پەروەردەی مۆدێرن و تەکنۆلۆجی، بڕیاری لە بارەوە دەدات!

پرسیارێک لەو بۆچوونەوە سەرهەڵدەدات: ئایا دەکرێ بنەماکانی ئاکار لەسەر بنچ و بنەمای ژێر دابمەزرێ؟! وەڵامەکە بە هەر لایەکدا بێ، پرسیارەکە گەرموگوڕیی خۆی لە دەست نادات، چونکە: ئەگەر ئاکار پشت بە ژێر ببەستێ، ئەوکاتە دەبێ ژێر ئامانج و مەبەستی چالاکییە کردارییەکان بە جۆرێک دەست نیشان بکات کە لەگەڵ خۆیدا (ژێر) بێنەوە، بە ئەمەش ئاکار جارێکی تر سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات. ئەو ڕەوشە دەچێتە خانەی ئەگەر و گومانەوە، چونکە ژێر خۆی فرمانمان پێ دەکات چۆن کۆششی گەیشتنە ئامانجەکان بکەین! باشە دەکرێ هەرچی ژێر خواستی، مرۆڤ پەسندی بکات (ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکارەوە هەیە. کێشەکە لەو ڕەوشەدا دوو ڕێتێچوون هەڵدەگرێ:

**یەک:** ئایا ئامانجەکە لە خۆیدا باشە، بۆیە ژێر پەسندی کردووە، یان:

**دوو:** ژێر ئامانجەکەی پەسند کردووە، بۆیە چاکە و خوازراوە؟ کامیانە؟

هیچ مرۆڤێکی زرینگ لاری لەوە نییە کە ژێر خۆی وروژێنەر و هاندەری هەست و نەستی ئاکارییانەیە و دەستەبەری دروستییەکەی دەبێ. هەر کارێک مرۆڤ دەیکات، مەبەستێکی لەپشتەوەیە ئەو مەبەستە ئاراستەی خواست دیار و دەستنیشان دەکات و لە پشت ئەو خواستەوە ژێر کارا و چالاکە (٦).

٤- لەم سەردەمەدا گیانی مۆدێرن پتر لە پێشتر ڕەوتی گومانی ئاکاریی لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕێژەیی ئاکاریدا جێگیر و بەرجەستە کردووە: لە بەرانبەر ڕێبازی ڕەهای ئاکاریدا کە پتر بەلای ئایین و سیاسەتدا هەنگاو هەڵدەگرێ، ڕەوتی ڕێژەیی ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و پابەندی کات و جێگە و سەردەم و کۆمەڵگە و گۆڕانی نەپساوەیە:

بەو پێیە گشت پێوەرە ئاکارییەکان ڕێژەیین لە وڵات و کۆمەڵگەیەک بۆ یەکێکی تر گۆڕاون و جیان، هیچ پێوەرێک لە یەکێکی تر گونجاو و چاکتر نییە، چونکە بنەماکانی ژیان و ئامانج و دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەپێی قۆناغی پەرەسەندنی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردادێ و لەوی پێش خۆیان ڕێژەیی جیاواز دەبن، ئیتر کردار و ڕەفتار و ڕەوشتی مرۆڤ لەگەڵ دابونەیت و پێودانگی سەردەمی کۆمەڵگەکان دێنەوە. دوور نییە شتێک ئەگەر بێتە پێشەوە، یان ڕووداوێک بقەومێ بە سوود و قازانجیدا ناتەواو ببێ و زیانی تواناییان تێدا بێ. سوکرات لە سەردەمی خۆی گوتوویەتی:

ئەگەر نە ساغ بم شەڕاب لە دەممدا تاڵە، بەڵام ئەگەر ساغ بم شیرین و بە تامە، ئیتر لە دۆخ (ڕەوشێکە) بۆ یەکێکی دیکە بابەتەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەو پرسیارە لۆجیکییەی بەبیردا دێت: دەکرێ بنەمای ڕێژەیی لە خۆیدا ڕێژەیی بێ، یان ڕەهایە! ئەگەر ئەو بنەما ڕێژەییە هەموو شتێک بگرێتەوە و هیچ شتێک لێی بە دەر نەبێ،

ئەوە سنووری ڕێژەیی خۆی دەبەزێنێ و خەسڵەتی گشتی- هەمەکیی پێ دەبڕێ و دەچێتە خانەی ڕەهاوە، ئەمەیە کە بابەتی گومان لە ئاکار و بنەماکانیدا دەورووژێنێ!

ئەو گومانە لەو پرسیارەدا چڕ و خەست دەبێتە: ئایا بنەماکانی ئاکار ڕێژەیین، یان جۆر و شێوازی دەربڕینی ئەو بنەمایانە ڕێژەیین و بەپێی کات و جێگە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

- ئەگەرچی بنەماکانی ئاکار بە چەمکی ناچاریی، هەمەکیی، جێگیر و نەگۆڕ بەرجەستە دەبن، بەڵام ناکرێ هیچ دیاردەیەکی ئاکار لە ڕەوت و پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیابکرێتەوە. ئایا ئەو بڕیارە هەڵسەنگاندنی جۆرەکانی کار و ڕەوشتی مرۆڤی تاک و بەها ئاکارییەکان و ڕاستیی (هەقیقەتی) ئاکار دووچاری تەمومژ و چەواشە کردن ناکات؟ ئیتر چۆن گومان سەرئاو نەکەوێ و چۆن مرۆڤ بڕوای بە بنەماکان بمێنێ؟

ئەگەر بنەمای ڕێژەیی لە ئاکاری سەردەمدا جۆرە ئەگەر و گومانێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابێ، بوونی گۆڕان ڕاستییەکە کاڵ نابێتەوە. مرۆڤ لە خۆیدا، سروشت ئاسا بوونەوەرێکی ژیرە هەست و سۆز و (شعوور) و ویژدانی هەیە، ئاساییە چاکە و بەد لە یەکتری جیابکاتەوە، سوود و قازانجی خۆی و ئەوانی دیکە بزانێ، لە گشت شتێک بەرژەوەندی خۆی لێ بکات، ئەوجا هەمیشە توانایی پێشکەوتنی هەیە و سەرگەرمی جێگیرکردنی پتر ئازادی و سەربەستی و گرتنەبەری ڕێگەی دروست و چوونە ژێر باری ئۆباڵکێشان، بێگومان ڕزگار بوونی مرۆڤ لە گشت کۆتوپێوەندێک- بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە- وەک سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەی داهێنەرانەی مرۆڤ خۆی وایە. مرۆڤ خۆی داهێنەری بەهاو بنەماکانە، بەڵام لە تەنیشت ئەو لایەنە گەش و پڕشنگدارەی ژیاندا، بوون بێ کەم و کورتی و بەدکاری و بەدبەختی نییە و نابێ! ئەو لایەنە خۆی هاندەری بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنە.

هەموو کەموکورتییەک لە خۆیدا هەڵگری هاندەری گۆڕینی خۆیەتی و چاوەڕێی دەکات دەستێک بیگاتێ و سروشتەکەی بگۆڕێ.

٥- گومان لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاکاردا ئەو بۆچوونە کاڵ ناکاتەوە کە چاکەکاریی باشە و بەدکاریی ناحەزە، بەڵام چاکەکاریی تەنیا هەر ئەوە نییە کە مرۆڤ حەزی لێیەتی و دەیخوازێ، بەڵکوو ئەوەیە کە حەز و ئارەزوو، مەیلی مرۆڤ بێ پسانەوە تێر و ڕازی دەکات، ئەوجا لەلایەن تێکڕای خەڵکەوە خوازراو و پەسندە.

- مرۆڤ هەمیشە وا بیردەکاتەوە کە کارێک بکات بەلای کەمەوە سوود و قازانج و چێژ و بەختەوەرییەکەی لە کۆتاییدا دەستەبەر ببێ. مەرج نییە ئەو جۆرە کردارانە بەشێک بن لەو ئەرکەی کەوتوونەتە ئەستۆ و مرۆڤ پێوەیان پابەند بێت و ناچارییانە بیانکات. ئەو جۆرە ڕەوشە خەسڵەتی ژیر و ژیرەکی دەخرێتە پارسەنگەوە، چونکە ناکرێ مرۆڤ شتێک بکات زیانی پێ بگەیەنێ و ئازاری بدات و ببێ بە کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای کۆششی بەرەو دوا ئامانجی ژیان: بەختەوەریی!.

- ڕاستە مرۆڤ توانیویەتی پشت ئەستوور بە کۆششی فەرهادانە سروشت دەستەمۆ بکات، ئەوجا دوای کۆنترۆڵکردنی بۆ سوود و قازانجی خۆی (مرۆڤایەتی) بەکاری بێنێ. شان بە شانی ئەو چالاکییە، وەک بوونەوەرێکی ژیر و هزرمەند توانیویەتی نەزمێکی ڕێکوپێکی بە بەها ڕەنگ بڕێژێ، نەزمێک کە کۆششی ئازادانەی مرۆڤی بەرجەستە کردووە کە بەشێک لە ئامانج و مەبەستە ڕەواکانی لەو نەزمی بەهایەدا بەدی دەکات، ئیتر ناوی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی

ئاکارییانــە لــەوەوە کەوتووەتــەوە کــە پابەنــدە، خواســتی ئــازادی هەیــە، چاکــەکارە، ژیــرەو توانایــی بیرکردنــەوە و بڕیــاردان و جیاکردنــەوەی چاکــەکاری لــە بەدکاریــی هەیــە،

توانییەتــی ســنوورێک بــۆ ســۆز و (غەریــزە -هێــزی پاڵنــەری زگمــاک) و خــودی ســنووربەزێنی خــۆی کۆنتــرۆڵ بــکات و خەســڵەت و کەســایەتی (کارەکتــەری) ڕەوشــتی ئــازادی ئاکارییانــەی پــێ ببــڕێ. ئــەو جیهانــەی بنیــادی نــاوە کــە دەکــرێ بــە ژینگەیەکــی شارســتانی ناوببــرێ تانوپۆکــەی دەســکەوت و بەهــای ئاکاریــی و مــاددی گیانییــە.

- بابەتــی ئــاکار بــە گشــت ڕەهەندەکانییــەوە، هەرچەنــدە ئەگــەر و گومــان لــە بەرانبەریــدا زەق بکرێنــەوە، داهێنانێکــی شــکۆمەندی مرۆڤــە بــۆ بــەرز ڕاگرتنــی کــردار و ژیــان. هــەر ئــەو کۆششــە بــووە مرۆڤــی لــە ڕەوشــی بوونــی ســادە و ســاکار و سروشــتییەوە بــەرەو قۆناغــی ژیانی بەها ســەرروەریی بــردووە. ئەمــەش لــە خۆیــدا بنەمایەکــی مــرۆڤ دۆســتی ژیرەکییــە، پشــت بــە بنەڕەتێــک دەبەســتێ بریتییــە لــە ڕێزلێنانی کەســایەتی مرۆڤ و بە پاک و پیــرۆز دانانــی بەهاکانــی مــرۆڤ و مرۆڤایەتــی.

- هەرچەنــدە ئاراســتەکانی فەلســەفەی ئــاکار، بۆچوون و مەبەست و لێکدانەوەیــان لەگەڵ یەکتری جیاواز بن، چەند ڕاستییەک هەیە دەرفەتــی هیچ ئەگەرێــک نــادەن:

ژیانــی بــێ ئێــش و ئــازار (بەبــێ وەی) چێــژ و خێروخۆشــی و لەشساغی و بەختەوەری ســەرتاپای ئاســتەکان بــە یەکــەوە کــۆ دەکاتــەوە. ڕاســتە، ســەرەڕای ئــەو دەســکەوتانەی شۆڕشــی زانســتی و تەکنۆلۆجــی داویانەتــە دەســت، لەگــەڵ ئەوەشــدا چێــژ و خێــر و خۆشــی ژیانــی مــرۆڤ بارتەقــای کێشــە و سەریەشــە و نەهامەتــی و ئێــش و ئــازار و بەدبەختــی نییــە کــە لــە جیهانــدا ڕۆژانــە یەخــەی مــرۆڤ دەگــرن.

چێــژ و خۆشــی تاکــە چاکەکارین و بەرانبــەر بــە بەختەوەریــی دادەنرێــن. بەختەوەریــی لــە خۆیــدا ئەگــەر نەکــرێ بــە ڕێکوپێکــی پێناســە بکــرێ، ئــەوە دەکــرێ بگوتــرێ کــە لــە چێــژ و خێروخۆشــی بــەردەوام بــەولاوە شــتێکی دیکــە نییــە (٧).

- ئــەو پرســیارە، ئایــا دەکــرێ بنەماکانــی ئــاکار و ئــاکار لــە خۆیــدا ببــن بــە تیۆرییەکــی ڕێکوپێکــی ســەربەخۆ وەک ئەرکێــک مــرۆڤ پابەنــد بکــەن کــە پەیڕەویــان بــکات و لێیــان لانــەدات و بچێتــە ژێربــاری ئەنجامــەکان و ئازادانــە ئۆباڵیــان بکێشــێ (بــە لاتینــی دیۆنتۆلۆجــی)؟.

- وەڵامــی ئــەو پرســیارە بەپێــی ســەردەم و جێگــە و کۆمەڵگــە و ئاراســتە و ڕادەیــی کولتــوور و شارســتانی گۆڕانــی بەســەردا دێــت! ئــاکار ئەوکاتــە دەتوانــێ لافــی ئــەوە لــێ بــدات کــە هەمــوو جــۆرە گومــان و ئەگەرێــک بڕەوێنێتــەوە و ببێتــە مایــەی ئــەوەی ئەوەنــدەی لــە تواناییــدا هەیــە و لــە کــردن دێــت خێــر و خۆشــی و چێــژ دەســتەبەر ببــێ و ئێــش و ئــازار کــەم بکاتــەوە! بــەڵام ئــەو پرســیارە هــەر بــە گەرموگــوڕی لــە ئارادا دەبــێ، چونکــە لێرەدا کار و کــردار شــاهۆکارن: چ جــۆرە ڕەوشــتێک، کام کار و کــردارە و ئەنجامەکانیــان بەڕاســتی چــاک و باشــن و کامانەیــان بــەد و ناحــەز و نەخــوازراون؟ وەڵامــی ئــەو پرســیارانە جارێکــی تــر ئــەو دەرگایــە دەخەنــە ســەر پشــت کــە ئــاکار دەبــێ ناوەندێکــی دیۆنتۆلۆجــی لــە ژیانــی مــرۆڤ و تاکەکانــدا هەبــێ! قســەکەی کانــت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) لــە بــارەی فەرمانــی ڕەهــای ئــاکاری ســەرئاو دەکەوێتــەوە: وەک مــرۆڤ و ئەندامێکــی کارای کۆمەڵگــە بــەدەر لــەوەی بــە هیــوای چــی بــم، چــی پێویســتە لەســەرم بیکــەم؟

ئــەو جــۆرە بڕیــارە هــەردوو لایەنــی ئــاکار دووپات دەکاتەوە:

**یــەک:** لایەنــی تیۆریــی (هزریــی) کــە پرســیارەکانی

له چوارچێوەی ڕاستیودروستی و چەوتی، چاکەکاری و بەدکاری کرداری مرۆڤدا چڕ دەبنەوە.

**دوو:** لایەنی کردەکی (پراکتیکی) کە سروشت و گەوهەری بیروباوەڕ و بۆچوون دەربارەی ئەو کێشە پرسیارانە دەگرێتە خۆ!

ئەو دوو لایەنە قسە (بیرکردنەوە، بۆچوون، بڕیاردان)ی مرۆڤ لەگەڵ کار و کرداریدا بەرانبەر بە یەکتری دەخەنە نێو دوو تای تەرازوو، هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بکرێ، پێوەندی (پردی) دەستیاوی لەنێوانیاندا هەڵببەستن، ئەم هەڵوێستە لەو کێشە پرسیارەوە سەرچاوەی گرتووە:

ئایا ئەو بڕیارانە (حوکم) کە خەسڵەتی ئاکارییان هەیە و مرۆڤ ڕۆژانە دەیاندات، پێوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەیە کە بێ پسانەوە لە ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگەدا دەقەومێن، یان بریتین لە کاردانەوەی (ڕیئەکشن) جیاوازی ناخی دەروون.

- ئاکار وەک گشت لقەکانی تری فەلسەفە، زمانی تایبەتی دەربڕینی خۆی هەیە و ناکرێ واتا و دەلالەتی چەمکەکانی تێکەڵاوی یەکتری بکرێن. بۆ نموونە کە چەمکی ڕاست، یان دروست بەکاردێت ئاماژە بەکار و کردار و ئەنجامەکانیان دەدرێ.

بەڵام هەردوو چەمکی ڕەند و گەند (چاکەکاری و بەدکاری- فەزیلەت و ڕەزیلەت) بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێن کە خوازراو و پەسندن.

- لە زمانە ئەوروپاییەکاندا لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاکاردا، دوو چەمک بەکاردەهێنرێت کە تەواوکاری یەکترین، بەڵام تاڕادەیەک لە یەکتریش جیاوازن:

**یەک:** مۆڕاڵ: مەبەست لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئاکارە کە بیروبڕوا و باوەڕ دەربارەی ڕاستی و چەوت و چاکەکاری و بەدکاری و پاداشت و سزا دەردەبڕێ و بەرجەستە دەکات.

**دوو:** ئێتیک: ئەمە لە خۆیدا لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە، ئەو دیاردانەی لە خاڵی یەکەمدا ناویان هێنرا، دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- prof. Dr. W.Capelle: Die griechische Philosophie. Bd.I. von Thales bis Zum Tode Platon. Berlin 1971. S.156.ff.

٢ – وولتر ستيس: تأريخ الفلسفة اليونانية، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، الؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت ١٩٨٧، ص٧٨.

٣ – مونيك كانتو سبيربير – روفين أدجيان: الفلسفة الأخلاقية، ترجمة: د. جورج زيناتي، دار الكتاب الجديد، بيروت ٢٠٠٨، ص٦ وفي اماكن آخرى.

4 – Ludwig Wittgenstein: Traktatus Logico- Philosophikus. Suhrkamp. Krankfurt am Main 1960. Para. 6.51.

ئەم شاکارە کراوە بە کوردی، لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١٥، لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی جەمال عیرفان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٥ – أ. م. د. أكرم مطلك محمد: الأخلاق والدين بين فلسفة الانغلاق و الانفتاح، بغداد، ٢٠١٣، ص٩٥.

٦ – هنری برجسون: منبعا الاخلاق والدين: ترجمة: الدكتور سامي الدروبي – الدكتور عبدالله عبد الدائم، الهيئة المصرية العامة، القاهرة – ١٩٧١، ص١٠٦ وفي اماكن آخرى.

7 – Alfred Cyril Ewing: Ethik,. Eine Einfuehrung Meiner. Hamburg. 2014. S.39.ff.